University Of Human Development
9th International Scientific Conference
The Deficiencies and Inflation Aspects in Legislation
31/7/2021 – 2/8/2021

# ڕێکخستنی یاسایی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان

**هیوا حامد رسول**

**برلمان اقلیم کوردستان**

## پێشەکی

ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان (المبادرة التشريعية) یەکێکە لەبابەتە گرنگ و هەستیارەکانی پرۆسەی یاساکاری، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەهاوسەنگی و هاوبەشی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لەبواری پیادەکردنی بەشێك لەتایبەتمەندی یاسادانان (الاختصاص التشريعي)، بەتایبەتی لەسیستەمی پەرلەمانی، بۆیە ئەم بابەتە لەزۆربەی وڵاتان لەدەستووردا ڕێکخراوە، چونکە دەستوور شوێنی ڕێکخستنی تایبەمەندی و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانە. بەڕای ئێمەش شوێنی ڕاستەقینەی ڕێکخستنی ئەو بابەتە دەستوورە، نەك یاسای ئاسایی، تەنانەت ئەگەر یاسای ئاساییش ڕێکیخستبێت پێویستە ئەو ڕێکخستنەی لەژێر سایەی دەقی بڕگەو ماددە دەستووریەکان بێت، ئەمەش لەپێناو پارێزگاریکردن لەسەقامگیری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان و پاراستنی سنووری تایبەتمەندیەکانیان. هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی خاوەنی دەستوور نیە لەماوەی چەند ساڵی رابردووی مێژووی یاسادانانیدا گۆرانکاری بەسەر ڕێکخستنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانانیدا هاتووە. هەوڵدەدەین لەبەشەکانی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێبکەین، یەکێك لەو گۆرانکاریە دیارو بەرچاوانە، پەیڕەوی ناوخۆی بەرکاری پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 2018 لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراو بەشێوەیەکی جیاواز لەپێشوو دەستپیشخەری یاسادانانی لەهەرێمی کوردستان دابەشکرد بۆ دوو جۆری جیاواز؛ (پرۆژە یاسا) و (پێشنیازی یاسا). ئەڵبەتە لەپاڵ ئەوانیش (پرۆژەی بڕیارە یاسا) و ( پێشنیازی بڕیارە یاسا)ش بوونی هەیە. ئەم جیاکاریەی نێوان (پرۆژە) و(پێشنیاز) لەنێو کاری پەرلەمانیدا لەهەرێمی کوردستان شێوازێکی تازەبوو و لە پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی 1992ی پێشوودا بوونی نەبوو، واتا بەدرێژایی (26) ساڵ، لە ساڵی (1992) تاوەکو ساڵی (2018)، یاسادانەرو هەموو ئەوانەی یاسادانانیان بەلاوە گرنگ بووە تەنها ئاشنای یەك شێواز لەدەستپێشخەری یاسادانان بوون، ئەویش (پرۆژە یاسا)و (پرۆژەی بڕیارە یاسا) بووە، شتێك نەبوو بەناوی (پێشنیازی یاسا) و (پێشنیازی بڕیارە یاسا)، بێگومان یاسادانەری هەرێمی کوردستان لەم هەنگاوەیدا شوێن پێی یاسادانەری عێراقی هەڵگرت بە تۆزێك جیاوازیەوە، ئەویش لەو ڕووەوە کە لە عێراق تەنها پرۆژەو پێشنیازی (یاسا) بوونی هەیەو پرۆژەو پێشنیازی (بریارە یاسا) نیە. یاسادانەری عێراقی لەدوای دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی عیراقی ساڵی (2005)ەوە ئەم شێوازەی پەیڕەو کردووە هەروەك لە ماده (60) برگەکانی یەکەم و دووەم ئاماژەی بۆ کردوون. ئەم گۆرانکاریەش لەدووبارە ڕێکخستنەوەی دەستپێشخەری یاسادانان لەهەرێمی کوردستان ئاڵۆزی لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی چەمك و دەستەواژەکانی لەناوەندە میدیایی و یاسایی و تەنانەت لەنێو خودی ئەندامانی پەرلەمانیشدا لێکەوتەوە، سەرباری ئەوەش پرسیاری زۆری دروستکرد، ئاخۆ لێکەوتەکانی ئەو دابەشکردنە لەسەر سروشتی یاسایی هەریەك لەو دوو جۆرە دەستپێشخەریەی یاسادانان چی دەبێت؟ بۆیە بەپێویستمانزانی لەمیانی توێژینەوەیەکی شیکاریانەدا چۆنیەتی ڕێکخستنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان لەهەرێمی کوردستاندا تاوتوێیکەین، بەو ئومێدەی سودێك بگەیەنین بەو کەسانەی پەیوەندیدارن و گرنگی بەو بوارە دەدەن. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بۆ دوو بەش ، لەبەشی یەکەمدا تیشك دەخەینە سەر گرینگی و پێناسەی دەسەستپێشخەری یاسادانان و قۆناغەکانی هاتنەبونی . لەبەشی دووەمدا ئاماژە بەچۆنیەتی ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان دەکەین لەهەرێمی کوردستان، لەمیانەی خستنەڕووی چوارچێوەی ڕێکخستن و جۆر و شێوازەکانی و دیاریکردنی ئەو کەس و لایەنانەی پیادەی دەکەن. کۆتا بەشی توێژینەوەکە تەرخان دەکەین بۆ خستنەڕووی پوختەی دەرەنجام و ڕاسپاردەکان .



doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

# بەشی یەکەم
# گرنگی و پێناسەی دەستپێشخەری یاسادانان

هەوڵدەدەین لەم بەشەدا تیشک بخەینەسەر مێژوی سەرهەڵدان و گرنگی دەستپێشخەری یاسادانان پێناسەو قۆناغەکانی هاتنەبونی.

## یەکەم : مێژووی سەرهەڵدانی

شارەزایانی بواری یاسا پێیان وایە سەرەتای سەرهەڵدانی دەستپێشخەری یاسادانان، هاوشێوەی ژیانی پەرلەمانی، لەبەریتانیاو بەدیاریکراوی لەسەدەی پانزەهەم، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پادشا (هنری شەشەم)سەریهەڵداوە، رەگ و ریشەی سەرهەڵدانیشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو ساتە مێژوییەی کە ئەنجومەنی گشتی توانی لەبەرامبەر رەزامەندی دەربڕین لەسەر داواکاری سەپاندن و زیاکردنی باج  کە لەلایەن (پادشا هنری)ەوە ئاراستەی دەکران، ئەویش لەلای خۆییەوە چەند داواکرایەکی نووسراوی پێشنیار دەکرد بۆ پادشا تا رەزامەندیان لەسەر بدات و وەك یاسا دەریان بچوێنێت. بەتێپەربونی کات ئەم شێوازی پیادەکردنە سەرەتاییەی دەستپێشخەری یاسادانان پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی تا لەکۆتاییدا توانرا وەك تایبەتمەندیەکی دەستووری لەچوارچێوەی پرۆسەی یاساداناندا رێکبخرێت [1]. دواتر ئەم تایبەتمەندیە بەشێوازی جیاواز لەلایەن وڵاتانی دیکەوە رێکخراو پیادە کرا.

## دووەم : گرنگی دەستپێشخەری یاسادانان

یەکێك لەتایبەتمەندیە سەرکیەکانی هەر پەرلەمانێك لەوڵاتانی دونیا بریتیە لەیاسادانان، یەکلابوونەوەی ئەوەی پەرلەمان لایەنی تایبەتمەندی یاسادانان بێت بە درێژایی مێژوو، خەبات و ململانێی زۆری لەپێناودا کراوە، چونکە هەریەکە لەدەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن خۆیان بەلەپێشتر زانیوە بۆ پیادەکردنی. دوای چەندین هەوراز و نشێو دواجار بەو فۆرم و شێوازە گەیشتووە کە ئەمرۆ هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە پەرلەمان بە تەنها کۆی پرۆسەی یاسادانان پیادە دەکات، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بەشێواز و میکانیزمی جۆراوجۆر، هاوبەشی دەکات لەپیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیە. دەستپێشخەری یاسادانان یەکێکە لەو میکانیزمانەی کەدەستەبەری بەشداری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات لەپرۆسەی یاسادانان. بەهاوبەشی پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیە لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانەوە، تا راددەیەکی زۆر هاوسەنگی و هەماهەنگی بەرهەمهێناوە سنوورێکی بۆ ئەو ململانێیە مێژووییە داناوە کە لە نێوانیاندا هەبووە بۆ فراوانکردنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانیان لەسەر حسابی ئەوی دیکەیان، بۆیە دەتوانین بڵێین دەستپێشخەری یاسادانان بەهۆی ئەو گرنگی و رۆڵە کاریگەرەی دەیگێرێت لەپرۆسەی یاسادانان، بۆتە جێگە بایەخی یاسادانەران لەزۆربەی وڵاتان، بۆ پیادەکردنیشی هەریەکەو بەپێی سیستمی سیاسی وڵاتەکەو واقیعی هاوسەنگی هێزی نێوان دەسەڵاتەکان، هەوڵیداوە لەچوارچێوەی دەستور یاخود یاسا سروشت دەستوریەکان رێکبیخات.  یەکەم هەنگاوی پرۆسەی یاسادانان بە دەستپێشخەری یاسادانان دەست پێدەکات، بۆیە دەکرێت بڵێین یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی پرۆسەکەو بەبێ ئەو ئەستەمە یاسا لەدایك ببێت، هەر ئەوەشە پاڵی بەفەقیهی یاسایی (رۆبیە کۆلار) ەوە ناوە تا بڵێت  "ئەوەی دەستپێشخەری یاسادانانی لەدەست بێت وەك ئەوە وایە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی لەدەست بێت".(2)

## سێیەم :پێناسەی دەستپێشخەری یاسادانان

شارەزایانی بواری یاسا هەوڵیانداوە لە گۆشە نیگای جۆراو جۆرەوە پێناسەی بۆ دەستپێشخەری یاسادانان بکەن،هەندێك وەك قۆناغێك لەقۆناغەکانی یاسادانان پێناسەیان کردووە، وەك ئەوەی (د.حبیب ابراهیم) کە جەختی لەوە کردۆتەوە  دەستپێشخەری یاسادانان "بریتیە لەقۆناغی یەکەمی یاسادانان"، هەندێکی دیکە، وەك پیادەکردنی دەسەڵات و تایبەتمەندیەکی یاسادانان پێناسەیان کردووە، وەك ئەوەی (د.عبدالباقی البکری) کردوویەتی کاتێك جەختی لەوە کردۆتەوە کە "دەستپێشخەری یاسادانان مەبەست لێی، خستنەرووی پرۆژە یاسایەکە بۆ دەسەڵاتی تایبەتمەند بە یاسادانان، لە پێناو گرتنەبەری رێوشوێنەکانی پرۆسەی یاسادانان و دەرچواندنی لە شێوەی یاسادا" (3).  بەڵام ئەوەی ئێمە بە پەسندمان زانیوە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین و پێشمان وایە تا راددەیەك پێناسەیەکی گشتگیربێت، بریتیە لە پێناسەکەی مۆریس دۆڤیرجیە، کە بەم شێوە پێناسەی کردووە "بریتیە لەمافی  خستنە بەردەست و پێشکەشکردنی دەقێکی تایبەتە بەیاسا، بودجە یان بڕیارێك بۆ بەردەمی پەرلەمان، بەمەبەستی گفتوگۆکردن و دەنگدان لەسەری" .(4)

1 د.عبدالقادر محمد القيسي، الأحكام الدستورية المنظمة لاقتراح القوانين،مصر ، القاهرة، المركز القومي للإصدارات القانونية،ط1، 2016 ،ص21.
2  د . محمد عباس محسن، اقتراح القوانين بين المبادرة التشريعية البرلمانية والمبادرة الحكومية، مجلة الأكاديمية للدراسات الاجتماعية والانسانية ،عدد 11،لسنة 2014،ص69.
3 د.عبدالقادر محمد القيسي، الأحكام الدستورية المنظمة لاقتراح القوانين،مصر ، القاهرة،المركز القومي للإصدارات القانونية،ط1، 2016،ص12،11 .
4 موريس دوفرجيه، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ترجمة: د.جورج سعيد، الشبكة العربية للأبحاث والنشر ، ط2، سنة 2014، ص114.


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

لەمیانەی ئەو پێناسەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەستپێشخەری یاساداتان، پیادەکردنی تایبەتمەندیەکە، دەستوور، یاسا یان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێکیخستووە، بەدوو پێوەر لەهەر پێشنیارێکی دیکەی ئاسایی جیا دەکرێتەوە ئەوانیش:

1- **پێوەری کەسی:** بەپێی ئەو پێوەرە دەبێت پەیڕەوکردنی ئەو تایبەتمەندیە تەنها لەلایەن کەس و لایەنانێکەوە بێت کە یاسا ڕێگەی پێدابێ بە پەیڕەوکردنی.

2- **پێوەری بابەتی:** دەبێت دەستپێشخەری یاسایی بابەتگەلێك لەخۆ بگرێت، کە شیاوی ئەوە بێت ببێتە یاسا، واتا بابەتەکە لەچوارچێوەی بواری ڕێکخستنی یاسادا بێت، بۆیە لێرەشەوە لەهەر بابەتێکی دیکەوە جیاواز دەبێت، کە ناشێت لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکبخرێت .(1)

**چوارەم :قۆناغەکانی هاتنەبوونی دەستپێشخەری یاساداتان**

هەروەك لەپێناسەکەیدا بۆمان دەردەکەوێت کەدەستپێشخەری یاساداتان بوونێکی یاساییە (کائن قانونی) بۆیە کۆمەڵێك قۆناغ بەیەکەوە ڕۆڵدەبینن لەهاتنەبوونی بەمشێوەیە:

**1- قۆناغی پاڵنەر و درکپێکردن:**

لەو قۆناغەدا درککردن بەبابەتێك کە پێویستی بەڕێکخستنی یاسایی هەیە، یان بابەتێك کە بەیاسا ڕێکخراوە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنەکانی ژیانەوە پێویستی بەگۆڕین هەیەو دەبێت سەرلەبەری جارێکی دیکە ڕێکبخرێتەوە لەسایەی ئەو پیشکەوتنانەی بەدیهاتوون و ئەو واقیعەی کەهاتۆتە کایەوە، یان درککردنە بەوەی بابەتێکی ڕێکخراو بەیاسا بەشێکی یان هەندێك لایەنی پێویستی بەدووبارە ڕێکخستنەوە هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەکاتی ڕێکخستنیدا لەجاری یەکەمدا نەتوانراوە پێشبینی هەندێك لەکەموکوڕیەکانی بکرێت تا ئەو کاتەی خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەمانە بەشێکن لەو پاڵنەرانەی کە سەرەتا و قۆناغی یەکەمی هەر دەستپێشخەریەکی یاساداتان پێکدەهێنن، ڕەنگە ئەو قۆناغە لەلایەن ئەو کەس و لایەنەوە پیادە بکرێت کە تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاساداتانی بەیاسا پێدراوە، ڕەنگە لەلایەن خەڵکانێکی دیکەوە بێت، واتا یاسا بەمەرجی نەگرتووە کێ بەیەکەم قۆناغی دەستپێشخەری یاساداتان هەڵدەستێت، بۆ نموونە: لەهەرێمی کوردستان ئەنجوومەنی وەزیران تایبەتمەندی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاساداتانی هەیە، بەڵام مەرج نیە خۆی درك بەهەریەك لەو پاڵنەرانە بکات کە دەبنە سەرەتای هاتنەبوونی، بەڵکو زۆربەی جار لەڕێگەی وەزارەتەکانەوە لەو پاڵنەرانە ئاگادار دەکرێتەوە.

**2- قۆناغی گەڵاڵەکردنی بیرۆکە :**

لەو قۆناغەدا لەبەرەنجامی گفتوگۆی کەسانی پسپۆر و پەیوەندیدار تەواوی ڕەهەندەکانی ئەو بابەتە دەستنیشان دەکرێت کەپێویستی بەڕێکخستن یان دووبارە ڕێکخستنەوەی یاسایی هەیە، لەڕێگەی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پێویستبوونی ڕێکخستنی ئەو بابەتە و چۆنیەتی ڕێکخستنی لەچوارچێوەی یاسایەکدا، بەمەش بیرۆکەیەکی تەواو لەڕوی زیهنیەوە گەڵاڵە دەبێت، بۆ چۆنیەتی ڕێکخستن و هۆکارە پێویستەکانی پشتی ڕێکخستنیەوە، لەم قۆناغەشدا لەڕووی یاساییەوە بەمەرج نەگیراوە کە کێن ئەو کەس و لایەنە پسپۆر و تایبەتمەندانەی دەبێت بەشداری بکەن لەگەڵاڵەکردنی بیرۆکەکەدا.

**3- قۆناغی دارشتنی ڕەشنووس:**

لەم قۆناغەدا بیرۆکەی گەڵاڵە کراو بە پشت بەستن بەبنەماو ڕێساکانی دارشتنی یاساکانی پەیڕەوکراو لەهەر وڵاتێك، لەچوارچێوەی ڕەشنووسێك (درافت) دادەڕێژرێتەوە، لەو قۆناغەدا یاسادانەران بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کە لایەنی تایبەتمەند بەدارشتنی یاسایی ئەنجوومەنی شورا یان ئەنجوومەنی گەلە، پێویستە بیرۆکەکە لەچوارچێوەی ڕەشنووسەکەدا دابڕێژنەوە یان تێروانین و پێداچوونەوە بکەن بۆ ئەو دارشتنەی لایەنی ئامادەکاری ڕەشنووسەکە ئەنجامی داوە، وەك ئەوەی لەیاسای ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە(14)ی ساڵی 2008 دا هاتووە.

**4- قۆناغی پەسندکردن و کۆکردنەوەی واژوو:**

ئەم قۆناغە تەنها تایبەتە بەو جۆرە دەستپێشخەریانەی یاساداتان کە تایبەتمەندی پیادەکردنیان هی کەسێك نیە، بەڵکو هی لایەن و دامەزراوەیەك یان چەند کەسێکە بەهاوبەشی، بە نموونە: لەهەرێمی کوردستان ئەو دەستپێشخەریانەی لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن، بەبێ پەسندکردنی لەئەنجوومەنی وەزیران، مەرجە ڕواڵەتیە یاساییەکانی دەستپێشخەری یاساداتانی تێدا نایەتەدی، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە دەستپێشخەری یاساداتان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسند بکرێت، یان ئەو دەستپێشخەریانەی لەلایەند ئەندامانی پەرلەمانەوە پیادە دەکرێن، مەرجە بەر لە پێشنیارکردنیان بۆ پەرلەمان واژووی ژمارەی یاسایی ئەندامانی لەسەر بێت کە(10) دە ئەندامە بەلایەنی کەمەوە. بەڵام هەرچی پەیوەندی بەو دەستپێشخەری یاساداتانەوە هەیە کەلەلایەن کەسەکانەوە پیادە دەکرێن ئەوا بەدەرن لەو قۆناغە، بەنموونە: سەرۆکی هەرێم لەکاتی پیادەکردنی

1 رحماني لبنة خير، المبادرة بالقوانين بين البرلمان والحكومة في الجزائر وفقا للتعديل الدستوري 2016، مذكرة لنيل شهادة الماستر، سنة 2017 ، ص .1.


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان، پێویسیتی بەرەزامەندی و پەسندکردنی هیچ کەس و لایەنێك نیە بەر لە پێشنیارکردنی دەستپێشخەریەکە بۆ پەرلەمان.

**5- قۆناغی پێشنیارکردن :**

بەپێشنیارکردن و خستنەرووی بۆ پەرلەمان، دەستپێشخەری یاسادانان تەواوی قۆناغەکانی کۆتایی پێدێت و بەفەرمی و لەڕووی یاساییەوە بەدەستپێشخەری یاسادانان هەژمار دەکرێت، لەو قۆناغەدا تەواوی یاسادانەران لە وڵاتانی جیهان کۆکن لەسەر ئەوەی تەنها ئەو کەس و لایەنانەی ڕێگەیان پێدراوە بە یاسا، پیادەی ئەو هەنگاوو تایبەتمەندیە دەکەن.

## بەشی دووەم
## ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان لەهەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا تیشک دەخەینەسەر چوارچێوەی یاسایی ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان وجۆرشێوازەکان و ئەو کەس و لایەنانەی پیادەی دەکەن.

**یەکەم: چوارچێوەی ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان  لەهەرێمی کوردستان:**

هەرێمی کوردستان تا نووسینی ئەم توێژینەوەیەش خاوەنی دەستوورێکی نوسراو نیە، هەربۆیە تایبەتمەندی دەسەڵاتەکان و پەیوەندی نێوانیان و ئەرك و مافی هاوڵاتیان بەکۆمەڵێك یاسای سروشت دەستووری ڕێکخراون، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبیر نەچێت هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عیراقی ئیتیحادی، ئەمەش وایکردوە  لەرێگەی ژمارەیەک ماددەو و بڕگەی دەستووری عیراقی ئیتیحادی ساڵی 2005ەوە چەند لایەنێکی پرۆسەی یاسادانان لەهەرێمی کوردستان ڕێکبخرێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت چوارچێوەی ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان لەهەرێمی کوردستان شرۆڤە بکەین، دەبێت مێژووی یاسادانان لەهەرێم بۆ سێ قۆناغ پۆلێن بکەین ئەوانیش:

**1-  قۆناغی دروستبوونی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992 تاوەکو 2004:**

دوای راپەرینی ئازاری ساڵی 1991 و کشانەوەی دام و دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەت لەناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن رژێمی ئەوسای عیراق، بۆشایی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان دروست بوو، ئەوەبوو بەرەی کوردستانی پاڵپشت بەتیۆری رەوایەتی شۆرشگێری هەستا بەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو، یەکێك لەکارە گرنگەکانی لەو ماوەیەدا دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان بوو، پاڵپشت بەو یاسایە لەبەرواری (1992\5\19) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئەنجامدراو هەرێمی کوردستان بووە خاوەنی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو کە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی دەرکردنی یاسا بوو لەهەرێمی کوردستان. لەو بەروارەوە تاوەکو نووسینەوەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت لەلایەن ئەنجوومەنی حوکم لەعیراق، هیشتا چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی بوونی نەبووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی هەرێمی کوردستان بەدەوڵەتی عیراقەوە، هەرچەندە هەرێمی کوردستان لەلای خۆیەوە بەبڕیاری ژمارە(22)ی ساڵی 1992 شێوازی پەیوەندیەکانی وەك هەرێمێك لەچوارچێوەی عێراقێکی ئیتیحادی دیاریکرد ([1])، لەبەرامبەردا رژێمی ئەوسای عیراق هیچ هەنگاوێکی یاسایی و دەستووری نەهاویشت بۆ ڕێکخستنی چوارچێوەی یاسایی پەیوەندی هەرێمی کوردستان بەدەوڵەتی عیراقەوە، بۆیە راگەیەنراوەکەی هەرێمی کوردستان تەنها وەك بەڵگەنامەیەکی یاسایی و مێژوویی مایەوەوە هیچ هێزێکی پابەندکاری نەبوو بۆ لایەنی عیراقی. هەربۆیە هەرێمی کوردستان لەو قۆناغەدا وەك دیفاکتۆ پیادەی تەواوی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەکرد،  لەو قۆناغەدا دوور لە هەر کۆت و بەندێك بەشێوەیەکی سەربەخۆ، یاسادانەر دەستپێشخەری یاسادانانی لەمیانەی هەریەکە لەیاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ژمارە (2)ی ساڵی 1992 [2]، یاسای ئەنجومەنی وەزیران  ژمارە (3)ی ساڵی 1992 [(1)]، هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانی ساڵی 1992 ([2])، ڕێکخستووە.

1  بڕیاری ژمارە (22) ی ساڵی 1992، لەماددەی دووەمیدا  هاتووە:ە: ( تحديد العلاقة القانونية مع السلطة المركزية واختيار المركز السياسي لاقليم كوردستان العراق وشعبه، انطلاقا من حقه المشروع في تقرير مصيره في هذه المرحلة التاريخية على أساس الاتحادي الفيدرالي ضمن عراق ديمقراطي برلماني يؤمن بتعدد الاحزاب ويحترم حقوق الانسان المعترف بها في العهود والمواثيق الدولية).

2 یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ژمارە (2)ی ساڵی 1992 لە ماددەی دەیەم خاڵی (5)یدا هاتووە:ە: ( پەیوەندی سەرکردە بە دەسەڵاتی یاسادانانەوە ...5- پێشنیازکردنی پرۆژە یاسکان). هەرچەندە ئەم یاسایە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە بەهۆی ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستانی پیدا تێپەربوو لەو رۆژگارەدا، بەڵام دواجار ئەم بڕگەیەی وەك دیکۆمێنتێکی یاسایی بە بەشێك لە چوارچێوەی ڕێکخستنی یاسایی دەستپێشخەری یاسادانان هەژمار دەکرێت.


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

**2- قۆناغی دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق تاوەکو نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی ( 2004 تاوەکو 2005):**

پەیوەندی دەستووری و یاسایی هەرێم بەدەسەڵاتی ناوەندەوە لەدەوڵەتی عیراق هەر بەرێکنەخراوی مایەوە تا دوای روخانی رژێمی بەعس لەسەر دەستی هاوپەیمانان، هەرچەندە دەسەڵاتی هاوپەیمانان کە دواتر بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش گۆردرا بۆ دەسەڵاتی داگیرکەر و سەرانسەری عیراقی دەگرتەوە بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بەڵام تا نووسینەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەلایەن ئەنجوومەنی حوکم، هیچ هەوڵێکی یاسایی نەدرا بۆ رێکخستنی پەیوەندی هەرێم لەگەڵ ناوەند لەچوارچێوەیەکی یاساییدا. یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە لەساڵی 2004 لەلایەن ئەنجومەنی حوکمەوە بە رەزامەندی سەرۆکی دەسەڵاتی هاوپەیمانان دەرچوێندرا، یەکەم دەستوور بوو کە پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستانی لە دەوڵەتی عیراقیدا دیارکردو پەیوەندی هەرێمی کوردستانیشی بە ناوەندەوە رێکخست. لەو بەروارە بەدواوە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بەدەسەڵاتی یاسادانانیشەوە چوارچێوەیەکی دەستووری و یاساییان وەرگرتوو قۆناغی دیفاکتۆیان تێپەڕاند[3]، هاوکات ئەو سەربەخۆیی و رەهاییەی دەسەڵاتی یاسادانان هەیبوو لە هەرێم، گۆڕانی بەسەردا هاتوو کۆمەڵێك کۆت و بەندی کەوتە سەر، دەستپێشخەری یاسادانانیش وەك بەشێك لە پرۆسەی یاسادانان لەهەرێم هەندێك لەو کۆت و بەندانەی کەوتە سەر، کۆت و بەندەکان ئەمانەن:

أ. یاسادانەر لەهەرێمی کوردستان بۆی نەبوو هیچ یاسایەك دەربچوێنێت کە دژ و ناکۆك بێت لەگەڵ یەکێك لە بڕگەو ماددەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، چونکە یاساکە باڵاییەتی خۆی بەسەر تەواوی یاساکانی دیکەدا سەپاندووە، جا یاسا ئیتیحادیەکان بێت یان یاساکانی هەرێم، بەمەش هەموو ئەو لایەنانەی کە لەلایەن یاسادانەری هەرێمی کوردستانەوە تایبەتمەندی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانیان پێدرابوو کۆت و بەندکران بەوەی نابێت پرۆژە یاسا و بڕیارێك پێشکەش بکەن کە ناکۆك و دژ بێت لەگەڵ ماددەو بڕگەکانی یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت (.[4]

ب. یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان بۆی نەبوو هیچ یاسایەك دەربچوێنێت کە بچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیە حەصریەکانی حکومەتی ئیتیحادیەوە، بەمەش جارێکی دیکە هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانانیان لەهەرێمی کوردستان پێدرابوو، کۆت و بەندکران بەوەی نابێت پرۆژە یاسا و بڕیارێك پێشنیاربکەن بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بابەتی پرۆژەکە بچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەصریەکانی حکومەتی ئیتیحادیەوە[5] .

**3- قۆناغی دوای نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراقی ساڵی 2005:**

دوای نووسینەوەو پەسندکردنی دەستووری عیراقی لە ساڵی 2005 ، پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان و رێکخستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوەند چوونە قۆناغێکی رەوایەتی دەستوری و لەمیانەی چەند ماددەیەکی دەستوریەوە ئەم پێگەیەو هەروەها رێکخستنی پەیوەندی بەناوەندەوە رێکخران[6]، هاوکات جارێکی دیکە چەند کۆت و بەندێکی دیکەی دەستووری کەوتنەوە سەر تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی یاسادانان لەهەرێمی کوردستان بەمجۆرەی خوارەوە:

أ. دەستووری عیراقی ساڵی 2005 باڵایەتی خۆی سەپاندوە بەسەر کۆی یاساکانی عیراق، جا یاسای ئیتیحادی بن یان ئەو یاسایانەبن کە لە هەرێم دەردەچن، بۆیە یاسادانەری هەرێمی کوردستان بۆی نیە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم دەستوورە هیچ یاسایەك دابنێت. بەهەمانشێوە هەموو ئەو کەس

---

1 یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992 لە ماددەی هەشتەم خاڵی (2)یدا هاتووە: : ( ئەنجومەن خاوەنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێت ..... 2- پێشنیازکردن و ئامادەکردنی پرۆژە یاساکان و پێشکەشکردنیان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بۆ بڕیار لەسەردانیان).

2 لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 1992 لەماددە (71) بڕگەی (1) یدا هاتووە:(ئەنجومەنی وەزیران یان کەمتر نەبێت لە دە ئەندام ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆیان هەیە پرۆژە یاساو بڕیار پێشنیار بکەن).

3 یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی ساڵی 2004، لەماددەی پەنجاو سێ بڕگەی (أ)یدا هاتووە: (یعترف بحکومة اقلیم کوردستان بصفتها الحکومة الرسمیة للأراضي التي کانت تدار من قبل الحکومة المذکورة في 19\آذار\2003، الواقعة في محافظات دهوك واربیل وسلیمانیة وکرکوك ودیالى و نینوى، وان مصطلح حکومة اقلیم کوردستان الوارد في هذا القانون یعني المجلس الوطني الکوردستاني ومجلس وزراء کوردستان والسلطة القضائیة الاقلیمیة في اقلیم کوردستان).

4 یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی ساڵی 2004، لەماددەی سێ بڕگەی (أ)یدا هاتووە: (ان هذا القانون بعد القانون الاعلى للبلاد ویکون ملزما في انحاء العراق کافة، وبدون استثناء ...).

5 یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی ساڵی 2004، لەماددەی پەنجاو چواریدا هاتووە: ( أ- تستمر حکومة إقلیم کردستان في مزاولة أعمالها الحالیة طوال المرحلة الإنتقالیة، إلا ما یتعلق بالقضایا التي تقع ضمن الإختصاص الحصري للحکومة الاتحادیة کما ینص علیه هذا القانون...ب- بما یتعلق بتطبیق القوانین الإتحادیة في إقلیم کردستان، یسمح للمجلس الوطني الکردستاني بتعدیل تنفیذ أي من تلك القوانین داخل منطقة کردستان، ولکن في ما یتعلق فقط بالأمور التي لیست مما هو منصوص علیه في المادة 25 وفي المادة 43 (د) من هذا القانون التي تقع ضمن الاختصاص الحصري للحکومة الاتحادیة حصرا.)

6 دەستووری عیراقی هەمیشەیی ساڵی 2005 لە ماددەی (117) بڕگەی یەکەمیدا هاتووە:( یقر هذا الدستور عند نفاذه ، اقلیم کوردستان و سلطاته القائمة ، إقلیما اتحادیا).


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

و لایەنانەی کە تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە لەهەرێمی کوردستان، بۆیان نیە پرۆژ یاسا و بریاریك یان پێشنیازە یاساو بریاریك پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەن، ئەگەر پێچەوانەی حوکمەکانی دەستووری هەمیشەیی عیراق سالی 2005 بێت.[1]

ب. دەستووری عیراق سالی 2005، تایبەتمەندیەکانی دەسەلاتی یاسادانانی لەهەرێمی کوردستانی کۆت و بەند و مەرجدار کردووە بەوەی بۆی نیە ئەو بابەتانە بە یاسا رێکبخات کە دەچنە چوارچێوەی تایبەتمەندی حەصری حکومەتی ئیتیحادیەوە، لەبەرئەنجامی ئەمەش، تایبەتمەندی ئەو کەس و لایەنانەی کە لەهەرێمی کوردستان مافی پیادە کردنی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە سنووردار کراوە بەوەی نابێت هیچ پرۆژە یاساو بریارێك یان پێشنیازە یاسا و بریارێك پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەن ئەگەر هاتوو بابەتی ئەو پرۆژەو پێشنیازەکە بکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی دەسەلاتی ئیتیحادیەوە.[2]

لەسایەی ئەم پێدراوە دەستووریانە، لەئێستادا یاسادانەر لەهەرێمی کوردستان تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانانی لە میانەی چەندین یاسا و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا رێکخستووە، کە دواتر لە تەوەرەکانی دیکەی ئەم بەشەدا تیشکیان دەخەینەسەر.

**دووەم: ئەو کەس و لایەنانەی لە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە**

هەرچی سەبارەت بەهەرێمی کوردستانیشە ئەوا بەوردبونەوە لەپەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسا کارپێکراوەکان بۆت روونەبێتەوە کە ئەو مافەی بەهاوبەشی بەخشیوەتە هەردوو دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، نەك هەر ئەوەندە بگرە ئەو مافەی بەخشیوەتە دەسەلاتی دادوەری و هەندێك لە دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەکی دیکە کە لە داهاتودا یاسا بەرکارەکان ئەو مافەیان پێبدات[3]. واتە دەرگای پێدانی ئەو مافەی بە دامەزراوەی دیکەش بە کراوەیی هێشتۆتەوە، ئەگەر لە داهاتودا بەپێویست زانرا. بە پێی پەیرەوی ناوخۆو یاسا بەرکارەکان تا بەرواری نووسینی ئەم توێژینەوەیە، ئەم کەس و لایەنانە مافی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە:

**1. پیادەکردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە:**

**أ. سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

بەپێی ماددەی (10) برگەی یەکەم لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە(1) سالی 2005ی هەموارکراو هەروەها ماددە (1)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، مافی پێشنیارکردنی پرۆژە یاساو بریاری تایبەت بە کاروبارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی بۆ پەرلەمان دراوە بە سەرۆکی هەرێم، واتا ئەو تایبەتمەندیەی سەرۆکی هەرێم کۆت و بەندکراوە بەچوارچێوەی کاروبارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و تەنها دەتوانێت ئەو پرۆژەو بریارە یاسایانە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات کە تایبەتن بە کاروباری سەرۆکایەتی هەرێمەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو تایبەتمەندیەیە کە دراوە بەسەرۆکی کۆمار لەدەستووری عیراق سالی 2005، کە بە شێوەیەکی رەها دەسەلاتی پێدراوە پرۆژەی یاسا پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات، سەبارەت بە هەر بابەتێك کە بە پێویستی بزانێت.

**ب. ئەنجومەنی وەزیران:**

به پێی ماددەی هەشتەم خالی (2) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە (3)ی سالی 1992 ی هەموارکراو هەرەها بەپێی ماددەی (1) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان، ئەنجوومەنی وەزیران مافی پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای هەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**2. پیادەکردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان لەلایەن دەسەلاتی یاسادانان( ئەندامانی پەرلەمان) :**

بەپێی ماددە(1)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، (10) دە ئەندامی پەرلەمان یان زیاتر دەتوانن بێ هێچ کۆت و بەندێك و لە هەر بوارو بابەتێك کە بەپێویستی بزانن پێشنیازی یاسا و بریار پێشکەشی پەرلەمان بکەن جگە لە یاسای بودجە نەبێت کە لە تایبەتمەندی ئەنجومەنی وەزیراندایە بە تەنها. جێگەی خۆیەتی لێرەشدا ئاماژە بەوە بکەین کە رێکخستنی ئەو مافە لەپەرلەمانی کوردستان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق، بەو پێیەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، جگە لە (10) دە ئەندام یان زیاتر، هەریەکە لە لیژنە تایبەتمەندەکانیش مافی پێشکەشکردنی پێشنیازی یاسایان هەیە.

---

1 دەستووری عیراق هەمیشەیی سالی 2005 لە ماددەی (15)یدا هاتووە:ە: ( اولا: يعد هذا الدستور القانون الاسمى والاعلى في العراق، ويكون ملزما في انحائه كافة، وبدون استثناء. ثانيا : لايجوز سن قانون يتعارض مع هذا الدستور ، ويعد باطلا كل نص يرد في دساتير الاقاليم ، او أي نص قانوني اخر يتعارض معه).

2 دەستووری عیراق هەمیشەیی سالی 2005 لەماددەی (121) یدا هاتووە:ە:(لسلطات الاقاليم، الحق في ممارسة السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية،ۋفقا لاحكام هذا الدستور، باستثناء ماورد فيه من اختصاصات حصرية للسلطات الاتحادية).

3 پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سالی 2018، ماددەی یەکەم ( پرۆژە یاساو بریار :ئەو پرۆژە یاساو بریارانەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەو پرۆژە یاسایانەیە کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیران ،دەسەلاتی دادوەری لە بواری تایبەتمەندی خۆیان، دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە دەسەلاتی ئاراستە کردنی پرۆژەی هەیە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ، ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن)، (پێشنیازی یاسا و بریار : ئەو پێشنیازی یاساو بریارانەن کە لانیکەم لەلایەن 10 ئەندامی پەرلەمان پێشکەش دەکرێن).


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

**3. دەسەڵاتی دادوەری:**

بەپێی ماددەی (1) پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار لەپەرلەمانی کوردستان مافی پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسا دراوە بەدەسەڵاتی دادوەری، بەومەرجەی پرۆژە یاساکە تەنها پەیوەندیداربێت بەکاروبارەکانی دەسەڵاتی دادوەری، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە یاسادانەری عێراقیش بەهەمان شێوە بەپێی ماددە(3) برگەی دەیەم لەیاسای ئەنجوومەنی دادوەری ژمارە(45)ی ساڵی 2017ی ئیتیحادی مافی پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسای داوە بەدەسەڵاتی دادوەری.

**4. پیادەکردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان لەلایەن دەستە سەربەخۆکان:**

**أ. دەستەی دەستپاکی:**

بەپێی ماددەی پێنجەم برگەی یازدەیەم لەیاسای دەستەی دەستپاکی ژمارە (3) ی ساڵی 2011 ی هەموارکراو، دەستە مافی پێشنیارکردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی هەیە بۆ پەرلەمان، کە دەچنە چوارچێوەی خۆپاراستن لە گەندەڵی یان بەرەنگاربوونەوەی.

**ب. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان:**

بەپێی ماددە (17) لەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە (4) ی ساڵی 2014، ئەنجومەنی باڵای کۆمسیۆن مافی پێشکەشکەشکردنی پێشنیازی یاسای پەیوەندیدار بەهەڵبژاردن و گشتپرسیەکانەوە هەیە بۆ پەرلەمان.

لەکۆتایی ئەو تەوەرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە لە یاسای پارێزگاکانی ژمارە (3)ی ساڵی 2009 ی هەموارکراو لەماددەی شەشەم برگەی نۆیەم[1]، ئاماژە بەوە کراوە کە ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش تایبەتمەندی پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسایان هەیە بەو مەرجەی تایبەت بێت بەپەرەپێدانی پارێزگاکەیان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەدەق ئەو برگەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پێشنیاری پرۆژە یاساکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرز دەکرێتەوە لەرێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە، لەبری ئەوەی پێشکەشی پەرلەمان بکرێت. ئەوەش جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە هەرچەندی لەدەق ئەو برگەو ماددە یاسایە رادەمێنیت حیکمەتی ئەوەت بۆ روونابێتەوە بۆچی دەبێت ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە پێشنیاری پرۆژە یاسا ئاراستەی وەزارەتی پەیوەندیدار بکات تا بۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، لە کاتێکدا ئەنجوومەنی پارێزگا بەشێك نیە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، گەرلە ماددەی (122) دەستووری عێراق برگەی پێنجەم وردبینەوە زۆر بەروونی پێگەی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگاکانمان بۆ روونەدبێتەوە کە لەژێربار و سەرپەرشتی دەسەڵاتی جێبەجەکردندا نیە[2]. راستە ئەو ماددە دەستووریە باس لەئەنجوومەنی پارێزگا نارێکخراوەکان دەکات لەهەرێمدا بەڵام ئێمە مەبەستمان ئاماژەدانە بە پێگە یاساییەکەی، تەنانەت یاسای ژمارە (3)ساڵی 2009 ی پارێزگاکانی هەرێمیش ئاماژەی لەو جۆرەی تێدا نیە کاتێك وردەبینەوە لە ماددەکانی (31)،(36) دەبینین بەروونی ئاماژەی بەوە کردووە کە پەرلەمان، تەنها لایەنە دەسەڵاتی چاودێریکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، خۆ ئەگەر مەبەستی یاسادانەر ئەوەبوبێت کە ئەو پرۆژە یاسایانە پەیوەندیدارن بە سیاسەتی گشتی حکومەتەوە یان رەنگ بێت لێکەوتەیەکی داراییان هەبێت ئەوە دەتوانرا بە جۆری دیکە چارەسەر بکرێت نەك وەك ئەوەی لە یاساکەدا کراوە، لە راستیدا دەتوانین بڵێین ئەوەی یاسادانەر لەو یاسایەدا کردوویەتی کەم و کورتیەکی یاسادانانی زەقە، ئاخر ئەگەر مەبەست لەو برگەیە ئەوەبێت ئەنجوومەن بۆی هەیە پێشنیاری بیرۆکەی پرۆژە یاسا بکات بۆ وەزارەتەکان، خۆ هاوڵاتیەکی سادە، کۆمپانیایەك تەنانەت رێکخراوێکی ناحکومیش مافی ئەوەی هەیە پێشنیاری لەو جۆرە بۆ وەزارەتەکان بکات، چ پێویستی دەکرد وەك یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی ئەنجوومەن ئاماژەی بۆ بکرێت.

هەر سەبارەت بەو لایەنانەی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانانیان پێدراوە لەهەرێمی کوردستاندا، بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار هەیە کە جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، ئەویش ئەوەیە، یاسادانەر لەهەرێمی کوردستان لە یاسای هەندێك لە سەندیکاکان ئاماژەی بەوە کردووە کە مافی پێشنیارکدنی پرۆژە یاسای هەموارکردنەویان هەیە تایبەت بە یاسای سەندیکاکەیان، بە نموونە یاسای سەندیکای پزیشکانی ژمارە (6) ساڵی 2000، لە ماددەی نۆزدەهەم برگەی یەکەم خاڵی (9) مافی پێشکەشکردنی پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای سەندیکای داوە بەئەنجوومەنی سەندیکا[3]، بێ ئەوەی روونی بکاتەوە ئەو مافە چۆن مومارەسە دەکەن و ئەو پێشنیارە ئاراستەی کێ دەکەن و ئایا ئەمەی لەیاسای هەندێك لەسەندیکاکاندا هاتووە دەچێتە چوارچێوەی پێدانی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان یان تەنها پێشنیارکردنی بیرۆکەی پرۆژە یاسایە.

---

1 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3) ی ساڵی 2009ی هەموارکراو، لەماددەی شەشەم، برگەی نۆیەمیدا هاتووە:: (پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگاکان وبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەرێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە).

2 دەستووری هەمیشەیی عێراق، ساڵی 2005، لەماددەی (122) برگەی پێنجەمیدا هاتووە:: (لا يخضع مجلس المحافظة لسيطرة أو اشراف اية وزارة أو أية جهة غير مرتبطة بوزارة، وله مالية مستقلة)

3 یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (6) ساڵی 2000،لە ماددەی 19،برگەی یەکەم ،خاڵی (9)یدا هاتووە:: (ئەنجومەنی سەندیکا ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ .... 9- پێشکەشکردنی پێشنیار لەبارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکا).



doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

بەشێوەیەکی گشتی لەرووی تیۆریەوە لەهەرێمی کوردستان دەستپێشخەری یاسادانان بەمجۆرە رێکخراوە کە لەم بەشەدا خستمانەروو ، بەڵام لەرووی کرداریەوە ئامارەکان لەهەرێمی کوردستان سەبارەت بە رۆڵ و پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانان لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان، جیاوازە لەوەی کە لە وڵاتان دەگوزەرێت، ئەگەر بە نموونە دوا راپۆرتی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ئاماری پرۆسەی یاسادانان لە ماوەی ساڵەکانی (2019 – 2020) وەربگرین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەی نێوان مانگی ئازاری ساڵی 2019 تاوەکو مانگی ئابی ساڵی 2020، (78) حەفتاو هەشت دەستپێشخەری یاسادانان پێشنیارکراون بۆ پەرلەمان، لەوانەش (74) حەفتاو چواریان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بووە، تەنها (4) چواریان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بووە، کۆی ئەو دەستپێشخەریانەی یاسادانان کە بونەتە یاسا (14) چواردە دانەبووە، بەجۆرێك (10) دەیان لەبەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمانەوە بووە، هەروەها (4)چواریان بەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بووە، ئەڵبەتە ئەگەر لەروانگەی رێژەی هەلی بوونە یاسای دەستپێشخەری یاسانانی ئەندامانی پەرلەمانەوە سەیری بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆی (74) حەفتاو چواریان، تەنها (10) دەیان بۆتە یاسا، واتە بە نزیکەی رێژەی (12.5%) لەسەدا دوازدەو نیو، لەبەرامبەردا هەرچوار دەستپێشخەریەکەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆتە یاسا، واتارێژەی (100%) لەسەدا سەدی دەستپێشخەریەکانی بونەتە یاسا، دەبینین بارودۆخی دەستپێشخەری یاسادانان لەهەرێمی کوردستانیش نزیکە لەبارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە لە خاڵی پێشودا ئاماژەمان پێکردن بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی رێژەکە تۆزێك لە هی ئەوان باشترە، بەڵام ئەگەر لەروانگەی رێژەی ئەو یاسایانە کە لەبەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتۆتە بوون، بە بەراورد لەگەڵ کۆی یاسا دەرچوێنراوەکان، ئەوا دەبینین لە کۆی (14) یاسا و بریار،(10) دە یاسایان بەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمان بووە، تەنها (4) چوار یاسا بەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەنجوومەنی وەزیران بووە، ئەمەش بە نزیکەیی دەکاتە رێژەی (3\2) دوو لەسەر سێ ([1])، ئەم رێژەیە زۆر زیاترو بەرچاوترە بە بەراورد لە گەڵ کۆی رێژەی بوونە یاسای دەستپێشخەری یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمان لەو وڵاتانەی کە لە خاڵی پێشوودا ئاماژەمان پێداوون، ئەمەش خاڵێکی گەشە بۆ پەرلەمانی کوردستان، سەرەڕای پارێزگاریکردن لێی، پێویستی بە باشتر کردن و گەشەپێدان هەیە.

### سێیەم: جۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان

هەر وڵاتێك بەپێی سروشتی سیستمی سیاسی و یاسایەکەی شێواز و جۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانانی رێکخستووە، لەهەرێمی کوردستانیش ئەم بابەتە لەچوارچێوەی پەیرەوی ناوخۆو یاسا بەرکارەکاندا رێکخراوە، دوای سەرنجدان وردبوونەوە دەتوانین بۆ چوار جۆر دابەشیان بکەین ئەوانیش:

**1. پرۆژە یاسا:**

پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراو و بەرکار لەپەرلەمانی کوردستاندا، ئاماژەی بۆ ئەم جۆرە کردووە کە هەریەکە لەسەرۆکی هەرێم ، دەسەڵاتی دادوەری، ئەنجوومەنی وەزیران، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەستەی دەستپاکی، پیادەی ئەم جۆرە دەکەن.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەخاڵێك بکەین ئەویش ئەوەیە، لەپەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 2018 پێش ئەوەی هەمواری یەکەمی بۆ بکرێتەوە، جۆرو شێوازی ئەو دەستپێشخەری یاسادانانەی دراون بە دەستە سەربەخۆکان، بریتی بووە لەپێشنیازی یاسا نەك پرۆژەی یاسا، هەروەك لەماددەی (78) برگەی چوارەم ئاماژەی بۆ کردوە[2]. تەنانەت لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە(4)ی ساڵی 2014 لەماددەی حەڤدەهەم، بەتایبەتی لەدەقە عەرەبیەکەیدا هاتووە (للمجلس حق تقديم مقترحات القوانين....).

**2. پرۆژەی بریارە یاسا:**

پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان ئاماژەی بۆ ئەم شێوازەی دەستپێشخەری یاسادانان کردووەو، تەنها سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی پیادەکردنی ئەو جۆرەی پێدراوە .[3]

**3. پێشنیازی یاسا:**

بە پێی مادە (1) پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەم پێشنیازی یاسایەش وەك جۆرێك لەدەستپێشخەریەکانی یاسادانان ئاماژەی پێکراوەو، تەنها (10 ) دە ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە پیادەی ئەو جۆرەیان بکەن.

1 بروانە وێبسایتی پەرلەمانی کوردستان: https://cutt.ly/TcjwM2r

2 پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ساڵی 2018، ماددەی 78 (پرۆسەی یاسادانان بریتیە لە گفتگۆو پەسندکردنی.....چوارەم : پێشنیازی ئەو یاسا و بریارانەی لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکانەوە بەپێییاسا کارپێکراوەکان پێشکەش دەکرێن)، ل85.

3 یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموار کراو، ماددەی دەیەم،برگەی یەکەم، خاڵی 1: (پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسا و بریارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان-عیراق).


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

**4. پێشنیازی بڕیارە یاسا:**

بەهەمان شێوە لەماددەی (1) پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەی پێکراوە وەك جۆرێك لەجۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانان و تەنها (10) دە ئەندامی پەرلەمان یان زیاتر مافی پیادە کردنی ئەو جۆرەیان هەیە.

**5. پێشنیازی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان:**

هەرچەندە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەماددەی (78) یدا کە تیایدا جۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانانی خستۆتە روو، ئاماژەی نەکردووە بەوەی پێشنیازی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ بەشێکە لە پرۆسەی یاسادانان وەك ئەوەی یاسادانەری عیراقی کردوویەتی کاتێك لەماددەی (31)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەرچوواندنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنەکەشی بەبەشێك لە پرۆسەی یاسادانان هەژمار کردووە[1]، بەڵام لەماددەی (125)ی وەك ماددەیەکی تەواوکەر بۆ ماددەی (78)ی پەیڕەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە پرۆسەی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەمان ئەو رێککارانەی لەسەر جێبەجێ دەبێت کە بۆ پێشنیازی یاسا یان بڕیارە یاسا دەگیرێنە بەر [2]. لەرووی پراکتیکیشەوە لەیەکەم هەمواری کە لەساڵی 2019 ئەنجامدرا، هەمان رێککارەکانی یاسادانانی گرتە بەر کاتێك پێشنیازی هەموارکردنەوەکە لەلایەن (29) ئەندامی پەرلەمانەوە لەبەرواری (2\7\2019) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە تاوەکو رەزامەند بن بۆ خستنە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بەمەبەستی ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەکەم بۆی [3]. دواتریش تەواوی قۆناغەکانی دیکەی پرۆسەی یاسادانانی بەسەردا پیادەکرا، لەخوێندنەوەی یەکەم و نووسینی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆکردنی ئەندامان و تا دەگات بەدانیشتنی دەنگدان.

## دەرئە نجام و ڕاسپاردە

دوای تیشکخستنەسەر چەند رەهەندو لایەنێکی تایبەت بەدەستپێشخەری یاسادانان و چۆنیەتی رێکخستنی لەمیانەی بەشەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە دوا بەش و کۆتاییدا پوختەی راو سەرنجەکانی خۆمان لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە:

1- زۆرێك لەوڵاتانی دونیا لەدەستووری وڵاتەکەیاندا تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانیان رێکخستووە، تەنانەت ئەگەر لە یاسا سروشت دەستوری و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەکانیشیاندا دووبارە رێکیان خستبێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەژێر سایەی دەقە دەستووریەکان ئەم کارەیان کردووە، ئەوەش رێچکە دروست و راستەکەیە، چونکە دەستپێشخەری یاسادانان جگە لەوەی لەسروشتیدا بەشێکە لەبابەتی دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت، خاڵی هەماهەنگی و هاوسەنگی و بگرە یەکێکە لە مێکانیزمەکانی هاوبەشی پێکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەپرۆسەی یاساکاری، لەهەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی تا نووسینی ئەم نامیلکەیە خاوەنی دەستوور نیە، تایبەتمەندی یاسادانانی لەیاسا ئاساییەکان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا رێکخستووە، ئەمەش وایکردووە بەدرێژایی چەند ساڵی رابردوو کۆمەڵێك گۆرانکاری لەشێوازی دەستپێشخەری یاسادانان و لایەنی تایبەتمەند بە پیادە کردنی روبدات، بێگومان ئەوەش بەجۆرێك لەجۆرەکان جۆرە شڵەژانێکی لەپرۆسەی یاساکاری لێدەکەوێتەوە و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە خزمەت بەو هەماهەنگی و هاوبەشیە ناکات کە پێویستە هەبێت لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان، بۆ نموونە: لەپەیڕەوی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی 1992 دەرچووە یاسادانەری هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانی (بڕیارە یاسای) داوە بەئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام لەپەیڕەوی بەرکاری پەرلەمان کە لە ساڵی 2018 دەرچووە تایبەتمەندی پیادە کردنی بڕیارە یاسای لەئەنجومەنی وەزیرانی وەرگرتۆتەوەو تەنها داویەتی بەسەرۆکی هەرێم و پەرلەمان. نمونەیەکی دیکە: لەپەیڕەوی پێشووی پەرلەمان تەنها یەك جۆر دەستپێشخەری یاسادانانمان هەبوو کە (پرۆژە) بوو، جا پرۆژە یاسا بێت یان پرۆژە بڕیار، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی بەرکار ئێستا دوو شێوازی سەرەکی دەستپێشخەری یاسادانانمان هەیە ئەوانیش (پرۆژە) و(پێشنیازە) جا پرۆژە یاسا و بڕیارە یاسا بێت یان پێشنیازە یاساو بڕیار بێت، رەنگە خوێنەر بپرسێت جا گۆرینی تەنها ناونیشانێك ئەوەندە دەهێنێت لێرەدا بکرێتە سەرنج و لەپوختە و دەرەنجامی ئەم نامیلکەیەدا بخرێتە روو، لەوەڵامدا دەڵێین گۆرانکاریەکە تەنها لە وشەو چەمکدا نیە بەڵکو زۆرێك لە رێککارەکانی دەرچوواندنیان

---

1پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ماددەی (31) یدا هاتووە:ە : (يمارس المجلس الاختصاصات التشريعية الآتية:
أولاً: إصدار النظام الداخلي الخاص به.......سادساً: النظر في مشروعات القوانين المقترحة من قبل أعضاء المجلس ولجانه.)

2 پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەماددەی (125)یدا هاتووە:ە : ( دەکرێت حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە ، هەموو یان بەشێکی ، یان هەر ماددەیەکی لەسەر پێشنیازی (1\4) چواریەکی ئەندامان ، بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوان هەموار بکرێتەوە بە هەمان رێککاری یاسادانان).

3 داواکاری (29) ئەندامی پەرلەمان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە لە پێشەکیەکەیدا هاتووە: : (ئێمە ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە واژومان کردوە، داواکارین خوێندنەوەی یەکەمی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت ..........).


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

گۆرانكاريان بەسەردا هاتووە، ئەگەر لەماددەكانی (71) تا ماددەی (74) ی پەیڕەوی پێشووی پەرلەمان وردبینەوە دەبینین جیاوازیەكی ئەوتۆ بەدیناكەین لەرێككارەكانی خوێندنەوەو گفتوگۆو دەنگدان لەسەر هەریەك لەو دەستپێشخەریانەی یاسادانان كە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران یاخود ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار دەكرێن، بەڵام لەپەیڕەوی تازەو بەركاری پەرلەمان، ئەگەر سەیری پرۆسەی یاساكاری بكەین كە لەماددەكانی (77) تاوەكو(97) رێككخراوە، ئەوا جیاوازیەكی زۆر بەدی دەكەین لەرێككارەكانی دەرچوواندنی هەریەك لەو دەستپێشخەریانەی یاسادانان كە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار دەكرێن. ئەوەش دەمانگەیەنێت بەو ئەنجامەی كە نەبوونی دەستوور هۆكارێك بووە بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆرانكاریە زۆر و جەوهەریانەی لە رێكخستنی ئەو بابەتە روویانداوە .

2- هەرچەندە لەرواڵەتدا و لەدەقە دەستووری و یاساییەكانی زۆربەی وڵاتان، پیادەكردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان دراوە بەپەرلەمان و حكومەت، بەڵام لەرووی كردارەكیەوە، رێژەی بوونە یاسای ئەو دەستپێشخەریانەی یاسادانان كە لەئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار دەكرێن زۆر كەمترە لەوانەی كە لەلایەن حكومەتەوە پێشنیار دەكرێن، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت كە هەلی بوونە یاسای دەستپێشخەریەكانی یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمان زۆر كەمترە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە حكومەتەوە پێشنیار دەكرێن.

3- ئامارەكان لەهەرێمی كوردستان سەبارەت بەرۆڵی دەستپێشخەری یاسادانان كە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پیاد دەكرێن جیاوازە لەوەی كە لەوڵاتان دەگوزەرێت، ئەمەش خاڵێكی گەشە بۆ پەرلەمانی كوردستان، پێویستە گەشەی زیاتری پێبدرێت، بۆ ئەم مەبەستەو لەپێناوی باشتركردنی دەستپێشخەریەكانی یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمان لەرووی چەندییەتی و چۆنیەتیەوە، پێشنیاری گرتنەبەری چەند هەنگاوێكی كردەنی دەكەین بۆ پەرلەمانی كوردستان بەمشێوەیە:

أ. بەشێكی تایبەتمەند بكاتەوە لە نێو سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی كوردستان كە كۆمەڵێك كەسی پسپۆر لەبواری دارشتنی یاسایی كاری تێدا بكەن تاوەكو هاوكاری ئەندامان بكەن لەرووی دارشتنی یاساییەوە، هەروەك ئەوەی زۆرێك لەناوەندەكانی توێژینەوەی پەرلەمانی پەیرەوی دەكەن بە نموونە: فەرمانگەی توێژینەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، كە بە شێكی تایبەتی هەیە بەناوی بەشی توێژینەوەی یاسایی و یاسادانان، ئەركیان بریتیە لەئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی تایبەت بە دارشتنی رەشنووسی یاساكان و، رێككردنیان لەرووی یاسایی و زمانەوانیەوە.

ب.لەرێگەی پەیڕەوكردنی نووسینگەی پەرلەمانتار كە ستافێك فەمانبەری گرێبەست لەخۆی بگرێت، لەبری نووسینگەی پەرلەمان كە ئێستا لەهەندێك شارو شارۆچكە هەن دەرفەتی تێكەڵبوونی زیاتری ئەندامان دەرەخسێنێت لەروانگەیەكی دامەزراوەییەوە، ئەمەش وا دەكات پەرلەمانتار باشتر دەرك بەو كەلێن و بۆشاییە راستەقینە یاساییانە بكات كە لە كۆمەڵگەدا هەیە، سەرەنجام پێشنیازە یاساكان لەپێویستی راستەقینەی كۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرن و دوور دەبن لە بیرۆكەی كەسی و نا واقیعی.

ج. پیادەكردنی هەڵبژاردنی نیوەیی بۆ پەرلەمان وەك ئەوەی لەئەمریكا پەیڕەو دەكرێت، یان هەر میكایزمێكی لەو چەشنە كە دەستەبەری مانەوەی بەشێك لە ئەندامانی پێشوو بكات و رێگر بێت لەوەی پەرلەمان خاڵی بێت لە ئەندامانی بە ئەزموون، ئەمەش وا دەكات كە پەرلەمان بە هەمیشەیی كۆمەڵێك ئەندامی بە توانا و شارەزای تێدا بمێنێتەوەو دواجار كاریگەری ئەرێنیان دەبێت لەسەر كواڵیتی ئەو پێشنیازە یاسایانەی لەلایەن ئەندامانەوە پێشكەش دەكرێن.

د. پێدانی تایبەتمەندی پێشنیاركردنی پرۆژە یاسا بەئەنجوومەنی پارێزگاكان كە لەیاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009، ماددەی شەشەم بڕگەی(9)دا هاتووە، یەكێك لەو كارانەی كە بە ئیجابی بۆ یاسادانەری هەرێمی كوردستان هەژمار دەكرێت، بەڵام دەبووایە پێشنیاركردنەكەیان راستەوخۆ بۆ پەرلەمان بوایە هەروەك ئەو ئەزموونەی لە وڵاتی ئیسپانیا هەیە، نەك لە رێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێت، چونكە ئەوانیش ئەنجوومەنێكی هەڵبژێردراون و تەنانەت لەرووی چاودێریكردنیشەوە لەژێر سەرپەرشتی پەرلەمانی كوردستاندان هەر ئەوەش لەگەڵ سروشتی كار و پێكهاتەی ئەنجوومەنەكان و واقیعی هەرێمی كوردستانیش دەگونجێت.

4- بەپێی ماددە (110)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی بەركاری ساڵی 2018، فراكسیۆنی پەرلەمانی بریتیە لەهەر لیست و قەوارەیەك كەبەشداری هەڵبژاردنەكانی كردبێت و توانیبێتی كورسی بەدەست بێنێت، ئەمەش وا دەكات كە لەپەرلەمانی كوردستان هەلی دروستبوونی فراكسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی دبڕەخسێت بۆ ئەو فراكسیۆنانەی تەنها یەك كورسی پەرلەمانیان هەیە، بەڵام بۆ پیادەكردنی دەستپێشخەری یاسادانان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، پەیڕەوی ناوخۆ واژوی (10) ئەندامی بەمەرج گرتووە تاوەكو بتوانن ئەو تایبەتمەندیە پیادە بكەن ([1])، ئەمەش وا دەكات هەندێك لەفراكسیۆنەكان كە ژمارەی كورسیەكانیان لە (10) كورسی كەمترە نەتوانن بە شێوەیەكی دەستكراوەو كارا بەشداری پرۆسەی یاساكاری بكەن، بۆیە پێشنیار دەكەین تایبەتمەندی پێشنیاركردنی پێشنیازە یاسا بە جیا بدرێت بە فراكسیۆنە پەرلەمانیە ئۆپزسیۆنەكان بەدەر لە ژمارەی یاسایی واژوی ئەندامان كە پێویستە بۆ

1 پەیڕەوی ناوخۆی هەمواركراوی بەركار لە پەرلەمان ن لە ماددەی(1)یدا هاتووە:ە :( پێشنیازی یاساو بڕیار ئەو پێشنیازی یاسا و بڕیارانەن كە لانیكەم لەلایەن (10) دە ئەندامی پەرلەمان ، پێشكەش دەكرێن).


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

پێشنیار کردنی هەر پێشنیازە یاسا و بڕیارێك. یاخود ڕێژەی یاسایی ژمارەی ئەندامان لە (10) ئەندامەوە کەمبکاتەوە بەجۆرێك هەر هەر ئەندامێك بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێشنیازە یاسا پێشنیار بکات بۆ پەرلەمان.

## سەرچاوەکان

**کتێب و توێژینەوەکان:**

- د.عبدالقادر محمد القيسي، الأحكام الدستورية المنظمة لاقتراح القوانين،مصر، القاهرة، المركز القومي للإصدارات القانونية،ط1، 2016 .
- د . محمد عباس محسن، اقتراح القوانين بين المبادرة التشريعية البرلمانية والمبادرة الحكومية، مجلة الأكاديمية للدراسات الاجتماعية والانسانية ،عدد 11،لسنة 2014.
- موريس دوفرجيه، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ترجمة: د.جورج سعيد، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، ط2، سنة 2014.
- رحماني لبنة خير، المبادرة بالقوانين بين البرلمان والحكومة في الجزائر وفقا للتعديل الدستوري 2016، مذكرة لنيل شهادة الماستر، سنة 2017.

دەستورو یاساکان

- دەستووری عیراق هەمیشەیی ساڵی 2005
- یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی ساڵی 2004.
- یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموار کراو.
- یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ژمارە (2)ی ساڵی 1992.
- یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992 .
- یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3) ی ساڵی 2009ی هەموارکراو.
- یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (6) ساڵی 2000.
- بڕیاری ژمارە (22) ی ساڵی 1992.
- پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی 2007.
- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 1992 لەکارخراو.
- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی 2018.


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151